حکومەتی مەسرور بارزانی تا کاتی هەڵبژاردن وەک حکومەتی بەڕێوەبەری کارەکان دەبینرێت

حکومەتی مەسرور بارزانی تا کاتی هەڵبژاردن وەک حکومەتی بەڕێوەبەری کارەکان دەبینرێت.

فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتی یەکشەممە پشتڕاستی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرکایەتی مەسرور بارزانی هەتا هەڵبژاردنەکان تەنها وەک بەڕێوەبەری کارەکان دەبینرێت.

پەرلەمانتاری جوڵانەوەکە هێمن ئەورەحمان بە ئاژانسی هەواڵی "المطلع"ـی ڕاگەیاند، "بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی لە بڕگەی یەکەمی ناکۆکییەکان بڕیوە و ئەوانەی دەیانەوێت بەردەوام بن لە کارەکانی حکومەت و پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان، و دەبێت ڕاگرتنی کارەکانی پەرلەمان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و حکومەت بکاتە بەڕێوەبەری کارەکان ".

هێمن ئەورەحمان وتیشی، "حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان بە سەرکایەتی مەسرور بارزانی وەک بەڕێوەبەری کارەکان دەمێنێتەوە و مافی ئەوەی نییە گرێبەست بکات و ڕێککەوتنەکان تەواو بکات یان

بەیاری چارەنووسساز بدات هەتا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و حکومەتێکی نوێ پێکدەهێنرێت".

وەزیری دەرەوەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان "فوئاد حوسێن" ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت بە سەرکایەتی مەسرور بارزانی دەتوانێت بەبێ پەرلەمان لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە هەتا ئۆکاتی کۆشوهەوایێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بڕەخسێت.